# کێشە زمانییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردیی بازنەی یەکەم- بەپێی بنەمای زمانەوانی– زمانی

**حاجی عبدالرحمن حاجی[١]، تالیا علی برایم[٢] ، ڕەوەز حسێن برایم[٣]**

[١،٢،٣] بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کێشە زمانییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردیی بازنەی یەکەم- بە پێی بنەمای زمانەوانی – زمانی) خراوەتەڕوو، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ ئەو کێشە زمانییانە دەکات، کە لە نوسینی پەرتوکی خوێندنی بابەتی کوردیی پۆلی دووەمدا بەرچاودەکەون، دەقەکانی ناو پەرتوکەکە لە ڕووی زمان و بنەمای زمانەوانی ــ زمانی پرۆگرامی خوێندن هەڵدەسەنگێنێت، بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێدا کورتی هێناوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت وەزارەتی پەروەردە__ بەشی پرۆگرامەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەموکوڕییەکان ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا پێداچوونەوە بۆ گرفتەکان بکەن. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری خراوەتەڕوو، ڕۆڵ و گرنگیی پەرتووکی خوێندن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەرز دەنرخێنێت، لەمیانەی هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنی پۆلی دووەمیشدا هەموو قورسایی خۆی دەخاتە ئەو کێشە زمانییانەی کە لە نوسینی پەرتوکی سەرەتایی خوێندن بە زمانی کوردی لە بابەتی کوردیدا نیشاندەدات و چەند سەرنجێک لە بارەی زمانی نوسینی دەقەکان دەخاتەڕوو. وەک بەکارهێنانی زمانی ستاندارد بۆ نوسینی پرۆگرامەکانی خوێندن و بایەخدان بە دروستنوسینی پیت و وشەکان و نوسینی تەواوەتیی وشە و کردارەکان و کورتکردنەوەیان، هەروەها پەیڕەوکردنی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان لە نوسینی پرۆگرامەکانی خوێندن، چونکە پێویستە پرۆگرامی خوێندن بە شێوازێک دابڕێژرێت هەموو بنەماکانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەخۆبگرێت، قوتابی بە زمانی نوسین و خوێندنەوە ئاشنا بکەین و زانیارییەکان بەپێی قۆناغەکان دیاریبکرێن، بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی کە پێویستە لە ڕووی نوسین و خوێندنەوە و دروستنوسین و یەک شێوازی نوسین کامڵ بکرێت چونکە قۆناغی بنەڕەتی چەسپاندنی پیتەکان وشێوازی نوسینە.

**وشە سەرەکییەکان::** گیروگرفت، کێشە زمانییەکان، خاڵبەندی، پرۆگرامی خوێندن، زمانی نوسین

## پێشەکی

یەکێک لەو کایانەی کە بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن. قوتابخانە لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامانەوە دەتوانێت کەسانی شارەزا و پسپۆڕ پێبگەیەنێت و ئامادەیان بکات، تا لە پاشەڕۆژدا بەرپرسیارێتی بە ئەستۆوە بگرن و شارەزا و لێهاتووبن بۆ بەڕێوەبردنی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (کێشە زمانییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردیی بازنەی یەکەم- بەپێی بنەمای زمانەوانی– زمانی) مەبەستی سەرەکیی دیاریکردنی ئەو کێشانەیە کە لە داڕشتنی زمانی نوسینی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردیی پۆلی دووەمدا هەیە بە پێی بنەمای زمانەوانی ــ زمانی.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی وەرگرتن ٦ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٦ تشرینی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ تەمووز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: haji.haji@kue.soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ حاجی عبدالرحمن حاجی، تالیا علی برایم، ڕەوەز حسێن برایم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەیە کە کێشە لە پرۆسەی پەروەردەدا هەیە و پێویستە ئەو کێشە وکەموکوڕیانە چارەسەر بکرێن تاکو چیتر لە پرۆسەکەدا بە تایبەت لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن ڕوبەڕوی نەبێتەوە، کێشە زمانییەکانی پرۆگرامی خوێندن و دەقی ناو پەرتوکەکە لەسەر بنەمای زمانەوانی__ زمانی پەروەردە هەڵبسەنگێنێت بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێدا کەموکوڕی هەیە و چارەسەریان بکەین.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

- ئایا پەرتوکی کوردی پۆلی دووەم لەڕووی زمانییەوە گرفتی هەیە؟
- ئایا زمانی نوسینی پەرتوکی خوێندنی بابەتی کوردی پۆلی دووەم، ئەو یاسا ڕێزمانییانەی پەیڕەوکردووە، کە لە زمانی کوردیدا هەن؟

**سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنی کوردیی پۆلی دووەم، وەرزی یەکەم و دووەم، چاپی دووەمی ساڵی (٢٠٢٢)ە، ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی ــ شیکارییە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکیی دیاریکردنی ئەو کێشانەیە کە لە داڕشتن و زمانی نوسینی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردی پۆلی دووەم هەیە، لەگەڵ دیاریکردنی بنەمای زمانەوانی ــ زمانی پرۆگرامی خوێندن کە کاریگەریان لەسەر زمانی نوسینی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە هەیە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەک و سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: دەروازەیەکی گشتییە لەسەر پرۆگرامی خوێندن، پێکدێت لە: زمانەوانیی پەروەردەیی و ناساندنی چەمک و زاراوەکان، پێناسەی پرۆگرامی خوێندن، پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن، جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن، ئامانجی پرۆگرامی خوێندن، ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن، یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆک. بەشی دووەم کە پێکهاتووە لە: بنەمای زمانەوانی-زمانی، زمانی ستاندارد، پەرەپێدانی توانستی قوتابی، زمان و درککردن و بەکارهێنانی کۆزانیاری، زمانی دایک و فرەزمانی، ڕێنوس، لە بەشی سێیەمدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ پەرتووکی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی ئەنجام دراوە، لەسەر بنەمای زمانەوانی_زمانی کە پێویستە لە کاتی دانانی پرۆگرام ئەو بنەمایە لەبەر چاو بگیرێ، پاشان ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

## ١. دەروازەیەکی گشتی لەسەر پرۆگرامی خوێندن

### ١.١ زانستی زمانی پەروەردەیی (زمانەوانیی پەروەردەیی):

زانستی زمانی پەروەردەیی یاخود (زمانەوانیی پەروەردە) لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی کە پەیوەندیی نێوان زمان و پەروەردە لەخۆ دەگرێت، چەمکی زمانی پەروەردەیی لەگەڵ کار و لێکۆڵینەوەکانی(بێرنارد سپۆلسکی) لە ساڵی(١٩٧٠) دەستپێیکردووە، زانستی زمانی پەروەردەیی " لە بنەڕەتدا زانستێکی کارەکیی جێبەجێکارانەیە و ئامانج و مەبەستی سەرەکیی زانستەکە بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی فێربونی منداڵ؟ و پەروەردەکارانیش( چ باوان و خێزان بێت چ مامۆستا بێت) چۆن بەشداریی ئەم پرۆسەیە دەکەن"( عەلی، قادر، مەحمود،٢٠١١:٣).

### ٢.١ پرۆگرام:

ئەگەر باس لەوە بکەین چەمکی پرۆگرام چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین" بریتییە لە گشت ئەو لێکۆڵینەوە و ئەزمون و چالاکییانەی قوتابی بەدەستی دەهێنێت یان پێی هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی مامۆستا لە ناوەوە یان لە دەرەوەی قوتابخانە"( عەزیز، ئۆمەر،١٩٦:٢٠٢٣). پرۆگرام بریتییە لە هەمو ئەو ئەزمون وچالاکی و شارەزاییانەی قوتابییان، کە لە ژێر ڕێبەریتیی قوتابخانەدا فێریان دەبێت و قوتابخانە پلانی بۆ داناون، ئامانجی فێربوون و گەشەپێدانی تواناکانی قوتابییانە.

### ٣.١ پرۆگرامی خوێندن:

کۆمەڵێک ئەزمونی پەروەردەییە، پلانێکە بۆ ویستی بەدەستهێنانی ئەنجامی فێربون، لەگەڵ ئەوەی کە چی بۆ فێربون و ئەنجامی فێرکردن پێویستە. ڕێگایەکە کۆزانیاری و ڕەفتار و توانای قوتابی بە ئاراستەی دیاریکراو پێشدەخات، هەوڵدەدات بۆ گەشەکردنی گیانی و ژیری و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و تاکی بەسود بۆ خۆی و نەتەوەکەی و بەرهەمهێنانی تاکی بە توانا لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی ئامادە دەکات، ئەمەش ئامانجی پەروەردەیی دێنێتەدی (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ١٣٤).

### ١.٣.١ لە ڕووی زمانەوانییەوە:

پرۆگرامی خویندن لە بنەڕەتدا وشەی (Curriculum) ی ئینگلیزی لە وشەی (currere) زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە و بە مانای گۆرەپانی پێشبڕکێی ئەسپسواری بەکارهێنراوە (علی و سمین،٢٠٢٢:٢٥). واتە بنەڕەتی ئەو وشەیە لە سەرەتادا لە زمانی لاتینی وەرگیراوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا لە بەرامبەر ( Curriculum) وشەی ( المنهاج ، منهج ، ناهجە ) بەکارهێنراوە ، لە زمانی کوردیدا ڕێ و شوێن و پرۆگرام بەکارهاتووە و دواتر وشەی پرۆگرام بووەتە وشەی چەسپاو بۆ Curriculum ی ئینگلیزی و (منهاج) ی عەرەبی، کە بە واتای ڕێگای ڕوون و ئاشکرا دێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێک یان ئامانجگەلێک بەکاردێت، بەم شێوەیە وشەی پرۆگرام هاتۆتە ناو پرۆسەی پەروەردە و بۆ ئەو ڕێگا و ڕێچکەیە بەکارهاتووە کە خوێندنگە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بەدیبێنێت.

### ٢.٣.١ پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن:

پرۆگرام پەیوەندیی بە چوار پێکهاتەی سەرەکییەوە هەیە، ئەم پێکهاتانە وەک چوار تۆخم وان ، کە پەیوەندیی ئەندامییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە ، هەروەک ( Zaes ) چوار پێکهاتەی دیاریکردووە (التميمي ،٢٠٢٠:٥٢) :

١. ئامانجی پەروەردە
٢. ناوەرۆکی پرۆگرام
٣. فێرکردن
٤. هەڵسەنگاندن

ئەم پێکهاتانە ئاماژە بە پێکهاتەی دواتری فێربوون دەدەن، کە (پەروەردە)یە، کە هەندێک پێکهاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پرۆگرامدا دەبینرێت، مامۆستا بە شێوەیەکی ئاسایی لە چالاکیی پەروەردەیی فێربووندا ئەنجامیدەدات. پرۆگرام دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. بۆچی پەروەردە دەکەین؟(ئامانج وەڵام بداتەوە)
٢. لەبەرچی پەروەردە دەکەین؟(ناوەرۆکی پەروەردە چییە؟)
٣. چۆن پەروەردە دەکەین؟(ڕێگاکانی پەروەردە کامانەن؟)
٤. کێ پەروەردە دەکەین؟(تاکی کۆمەڵگا پەروەردە دەکرێت)(عبدالله، ٢٠١٤: ٨٨ ).

ئەم پرسیارانە بایەخ بە ئاراستە و گرنگیی ئاستی فێربوون و فێرکردن دەدەن، بەم جۆرە پرۆسەکە شوێنی فێربوون و فێرکردن لە نێو پەرەسەندنی پرۆگرامی خوێندندا ڕوندەکەنەوە، پێویستە لە پرۆگرامدا مەبەست و ئامانجی پەروەردە دیاریبکرێت و دەزگا پەروەردەییەکان هەوڵی هێنانەدیی بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە پرۆگرامدا ئەزمونی پەروەردەیی و ئەو کۆزانیاری و زانستانەی کە پێشتر لە پرۆگرامدا هەبوون ، لەبەر چاو بگیرێن، ئەم لێکدانەوەیەش ببێتە دارشتە و بناغەیەک بۆ پرۆگرامی نوێ تا کەموکورتی و کێشە پەروەردەییەکان لە دانانی پرۆگرامی نوێدا دوبارە نەکرێنەوە، ئەمانە هەمو ئەو پرسیارانەن، کە پێویستە کارەکییانە چارەسەر بکرێن.

### ٣.٣.١ جۆرەکانی پرۆگرامی خوێندن:

قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بەرپرسیارێتیی پەروەردەیی قوتابی وەک ئەرکێک هەڵدەگرێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەمەش ئەرکی بنەڕەتی جێبەجێکردنی پرۆگرامە، کە شارەزایی گونجاو لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بۆ قوتابی ئامادەدەکات، هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ( قوتابخانە ) ئەم پرۆگرامانەی هەیە، ئەوانیش پرۆگرامی فەرمی و پلانبۆدانراو و دانپێدانراو هەروەها پرۆگرامی نافەرمی و بێپلان یان شاراوە. پرۆگرامی فەرمی پرۆگرامێکی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە لە لایەن وەزارەتەوە دانراوە بۆ پەروەردەکردن و فێربوون و فێرکردنی قوتابی بە سەرپەرشتیی مامۆستا و ئاراستەکردنی قوتابخانە، پرۆگرامی نافەرمی پرۆگرامێکی تەریب یان نەنوسراو یان نافەرمییە، کە سەرجەم شارەزاییە کۆزانیارییەکان دەگرێتەوە، کە قوتابی لە دەرەوەی پرۆگرامی فەرمیدا، بەبێ سەرپەرشتی مامۆستا، ئەنجامیدەدات(فەقێ ئەمین، ٢٠١٥:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

١٣٧). کەواتە پرۆگرامی نافەرمی هۆکاری کارلێککردنی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی قوتابییە لەگەڵ مامۆستا و بەرێوەبەر و هاوڕێ، یان بەهۆی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەوە وەک: یاری وەرزشی ، پێشبڕکێی پەروەردەیی، درۆکردن و فێڵکردن ... کە قوتابییان لە یەکتری وەریدەگرن.

ئەم دوو جۆرەی پرۆگرامە تەواوکار و پەیوەستن بەیەکەوە و نەبوونی یەکێکیان ئەویتریان کەمبەها دەکات و ناتوانێت بە کارەکی ئەرکەکەی بەرجەستە بکات.

**٤.٣.١ ئامانجی پرۆگرامی خوێندن:**

ئامانج ئەو بەرهەمەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەی چالاکییەوە هەوڵی بۆ دەدات و ئارەزوو دەکات دوای کردنی کارێک پێیبگات، یان ئەو نیاز و سوربوون و پێداگرییەی کە دەبێتە خولیایەک لەئەندێشەی مرۆڤدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، چەندین هۆکار هەن کە کاریگەرییان لەسەر بەدیهێنانی ئامانجی پرۆگرامی خوێندن هەیە، بۆ نموونە : "خوێندکار و تایبەتمەندییەکانی، کارپێکردن و بەشدارپێکردنی قوتابی، سروشتی ژینگە، خێزان، سروشت و تایبەتمەندیی کۆمەڵگە، پێویستی و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری، کلتور و پەرەسەندنی زانست و پەروەردە و تەکنەلۆجیا، پەرەسەندنی کۆزانیاریی زانستی و پەروەردە، ئایین، ڕاگەیاندنەکان " (عبدالسلام، ٢٠٠٦ : ٢٨٨ ). بەم پێیە هەر یەکێک لەم هۆکارانە کەوتوونەتە ژێر گۆڕانکاری و گەشەسەندن، بۆیە پێویستە جار جارە هەوڵبدەین پەرەیان پێبدەین بە باشترین شێوە، ناتوانرێ تەنها لە ڕێگەی دانانی پرۆگرام بگەینە ئامانج بەڵکو ئەو پرۆگرامە پێویستی بە جێبەجێکردن هەیە بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەم پرۆگرامەی دانراوە ئامانجە پەروەردەییەکان بهێنێتەدی، چونکە پرۆگرامی خوێندن هۆی فێربوونە، هەروەها ئامرازێکە بۆ هێنانەدیی ئامانجی دیاریکراو، ئامانجی پرۆگرام ئەو ئەنجامەیە، کە سیستەمی پەروەردەیی مەبەستییەتی لە نێو پرۆگرامی خوێندندا بەدەستیبهێنێت، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پرۆگرام دەبێت گەشە بە پرۆگرامی خوێندن بدرێت، بە هێنانە ناوەوەی بابەتی بەها، ڕەوشت، پەروەردەی نیشتیمانی، کتێبخانە و بەدواداگەڕان، چالاکی، وردبوونەوە لە پرۆگرامی ئێستا و ناوەرۆک و میتۆدی فێرکردن و هۆکاری فێرکردن، بەستنەوەی پرۆگرام بە ژیانی قوتابی و ژینگە و کۆمەڵگاکەی.

**٥.٣.١ ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن:**

ناوەرۆک کرۆکی پرۆگرامی خوێندنە، بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و بابەت، کە بۆ فێربوون ئامادەکراوە واتا کەرەستەی فێربوونە، دەبێت بە شێوەیەک هەڵبژێردرێت، کە ئامانج بهێنێتە دی، ئەمەش پەیوەستبێت بە سروشتی ژیانی قوتابی و کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی ئایین، ڕەوشت، ڕەگەز، هۆش، دەروون، کۆمەڵایەتی، ئارەزوو، پێویستی، توانای قوتابی لەناو قوتابییەکاندا بکات و هاوسەنگیی نێوانیان بهێنرێتەدی. پەروەردەکردن بەرپرسیارێتییەکی گەورە و گرنگ و هەستیارە، بۆیە پێویستە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن پەروەردەیەکی گشتگیربێت لە هەموو لایەنەکانەوە، وەک لایەنەکانی " پەروەردەی ئایینی، پەروەردەی ڕەوشتی، پەروەردەی جەستەیی، پەروەردەی هۆشی، پەروەردەی دەروونی، پەروەردەی ڕەگەزی، پەروەردەی کۆمەڵایەتی" (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥ : ١٥٢). بە گشتی ناوەرۆک توانایە بۆ فێربوون، زانایانی پەروەردە لە هەوڵدان بۆ دانانی پێوەری زانستیی هەڵبژاردنی ناوەرۆکی پرۆگرام، کە نابێت هەڕەمەکی و بەبێ ڕێکخستن بێت.

**٤.١ یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆک:**

یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆک بە گشتی بریتین لە ناونیشان، وێنە و هێلکاری نەخشە، چیرۆک، وشە، ڕستە، دەق، بیر، دیاریکردنی بەهاکان.

**١-٤-١ ناونیشان:**

ناونیشان خاڵی سەرنجڕاکێشی خوێنەرە، ڕێنموێی و ڕێبەرێتی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە دەکات، چونکە ناونیشان هۆکارێکە بۆ هاندان و وروژاندنی خوێنەر، تاوەکو هەوڵی خوێندنەوەی ناوەرۆکەکەی بدات و حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی لەلا زیاد دەکات، چ ناونیشان بە گشتی و چ ناونیشانی بەرگی پەرتوکی قۆناغەکانی خوێندن یا بابەتەکان گرنگە و دەبێت ڕەچاوی بنەما و هەست و سۆزی منداڵ بکەین و لەگەڵ ژینگە و تەمەن و بیرکردنەوەی منداڵ بگونجێت و ناونیشانەکە ئاشکرا و ڕوونبێت و مەبەستی بابەتەکە بخاتەڕوو.

**٢-٤-١ وێنە و هێلکاری و نەخشە:**

وێنە نواندنی بیرە یان نیگارکێشی بیر و جوڵاندنی هزری تاکە، وێنە باشترین هۆکارە بۆ نەخشاندنی وێنەی ئاوەزی و پراوپڕکردنی ئەو بیرانەی بە نوسین دیاریکراون.

هەڵسەنگاندنی وێنەکان دەبێت لەسەر چەند بنەمایەک بێت:

- وێنەکان مەبەستدارین و بەپێی بنەما نەخشێنراون.
- وێنەکان تەواوکەری بیری کەرەستە زمانییەکان / نوسینەکان بن.
- پێویستە لە دانانی وێنەدا وردەکاری بکرێت و هەڕەمەکییانە نەبێت.
- پێویستە ئەو وێنانەی بۆ قۆناغی بنەڕەتی دادەنرێت لەگەڵ ژینگەی منداڵەکەدا بگونجێت و پێی ئاشنا بێت.
- پێویستە وێنەکان پەروەردەیی بن.
- نابێ وێنەیەک بۆ چەند بابەتێک دوبارە بکرێتەوە.
- نابێ وێنەی نەرێنی دابنرێت.
- نابێ جیاوازیی وێنە و وشە لە ناو بابەتەکەدا هەبێت.
- دەبێت وێنەکان لەگەڵ ئاستی گەشەی درککردن و تێگەیشتنی قوتابییان بگونجێن.
- دەبێت وێنەکان پراوپڕی بیری وشەکان بگەیەنن.
- پێویستە وێنەکان ڕەنگدانەوەی کەلتوور و ژینگەی منداڵەکان بێت.
- دەبێ چیرۆکەکان بە چەند وێنەیەک بیرەکە بە تەواوی بەرجەستە بکەن(فەقێ ئەمین ،٢٠١٥ :٢٠٦-١٤١).

**٣-٤-١ چیرۆک:**

لایەنێکی گرنگی فێربوونی قوتابییانە، چونکە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر منداڵ، هەروەها هۆکارێکە بۆ فێربوونی زمان و بەکارهێنانی شێوازەکانی ئاخاوتن و وتوویژ، چیرۆک و کتێبی زانستی، گەشە بە توانا عەقڵییەکانی منداڵ دەدەن و دەوڵەمەندی دەکەن، چیرۆک منداڵ بەرەو دونیایەکی تر دەبات، هەوڵدەدات خۆی تیدا ببینێتەوە و چێژی لێوەردەگرێت و بەرەو خەیاڵکردنەوەی دەبات (فەقێ ئەمین ،٢٠١٥ :٥٣).

**٤-٤-١ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی وشە، ڕستە و دەق:**

ئەو دەقانەی کە دەنوسرێن پێویستە بە یەک زارێت و ئەو زارەش زمانی ستانداردبێت، ناکرێ بە چەند شێوەزارێک یاخود چەند زارێک دەقەکان بنوسرێن " وشە ئەو هێمایەیە لە فۆرم و واتا پێکدێت، پێکەوەبەستنی وشەکان ڕستە و دەق دروستدەکات، پێوانەی دەقیش پەیوەستە بە دیاریکردنی بەهاکان، ڕێکخستنی یاسای ڕێزمانی، داڕشتنی بابەتەکە و پێکەوەبەستنی دەقەکان، پەسندی ناوەرۆکی بابەتەکە، شێوەی نوسین و دروستنوسین، بەکارهێنانی زمانی ستاندارد دەگرێتەوە" (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥:١٦٤).

کەواتە گرنگە ڕەچاوی بەکارهێنانی یەکە زانیارییەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن بکرێت، لە قۆناغی بنەڕەتدا و دەبێت بەها و کۆزانیارییەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی قوتابی بێت و ئەو چەمک و وشانەی بەکاردەهێنرێت سادە و ئاسانبن و لەگەڵ هۆش و زانیاری و تەمەنی قوتابیدا گونجاوبن و بەشێوەیەکبن قوتابی بتوانێت لە واتاکانیان تێبگات. شیکردنەوەی دەق تەنها پەیوەست نییە بە ناوەرۆک، بەڵکو ئامانجی ڕونکردنەوەی پەیوەندی لە ئاستی ڕێزمانی و واتای و زمانی دەگرێتەوە، گرنگیی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن دەردەخات ، لە ناساندنی بەها و ڕۆڵی لە پاڵپشتیکردن و چەسپاندنی پەروەردە و دواتریش پارێزگاریکردنی لایەنی کلتوری فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی کوردی، کە ئێستا لە مەترسیدایە.

٢- تیشکخستنەسەر بابەتێکی زیندووی گرنگی ژیانی تاک، کە بەهایەکە ئاراستە و بیر و ڕەفتاری تاک لەسەر ئەمەیە و کار و کاردانەوەکانی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵ لەسەر تیشکخستنەسەر بنیات دەنێت(حسەین ، ٢٠١٥: ٢١).

**١-٤-٥ بیر:**

زمان تەنها ئامرازی گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو وەرگرتن و تێگەیشتن و گوزارشتکردنە بە بیر و بۆچوون و وروژاندنی بیر و ئاوەزی قوتابی بە بەکارهێنان و خستنەگەڕی زیاتر لە ئۆرگانێکی هەستی بۆ درککردن و بەرجەستەبوون و کارلێککردنی لەگەڵ بابەتەکە و تێگەیشتن لەبابەتەکە، مەبەست و ئامانجی پرۆسەی پەروەردە بەدیدەهێنێت. بیرکردنەوە شێوازی ڕەفتار و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و کۆزانیاریی تاك دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا گرنگیی تەواو بەو بیرانە بدرێت، کە لە ڕێگەی وێنە، وشە، ڕستە و دەقەکانەوە بە قوتابی دەگەیەنرێت، تاوەکو تاکێکی خاوەن بیرکردنەوەی تەندروست بەرهەم بێت، بۆ نمونە وشەی (ڕاستگۆیی) کە لە پرۆگرامدا بەکاردێت، بەهۆی ئەو سیما واتاییانەی وشەکە هەیەتی، قوتابی فێری ئاکار و ڕەوشتی جوان دەبێت (فەقێ ئەمین ،٢٠١٥ :١٩٨).

**١-٤-٦ دیاریکردنی بەهاکان:**

پەیوەندی مرۆڤەکان و ناسینەوەی شتەکانی دنیا لە ڕێگەی واتاوەیە، واتا ئامێری بەستنەوەی مرۆڤە بە خودێتی خۆی و دەوروبەرییەوە، درککردنی واتا و زانیاریش لەناو ئاوەزدا بۆ ئەو شتانەی لە بوندا هەن و سەرەتاکەی لە پەیوەندییە هەستییەکان و چەشنی بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکانەوە خۆی دەبینێتەوە (مەحموود، ٢٠١٤ :٨). کەواتە لە پرۆسەی پەروەردەشدا دەبێت جەخت لەم بنەمایە بکات و لە هەموو وشە و ڕستە و دەستەواژە و دەقەکاندا، لە بابەتەکانی ناوەرۆکی پرۆگرامدا بە هەند وەربگیرێن، چونکە واتا خودی هەبونەکانە، هەروەها پرۆگرام پارێزگاری لە بەهاکان دەکات و دەیان چەسپێنێت و پێویستە لە کاتی دانانی ناوەرۆکی پرۆگرامدا بایەخی پێبدرێت بە پێی قۆناغەکان.

## ٢. بنەمای زمانەوانی – زمانی

### ١.٢ بنەماکانی زمانی پەروەردەیی:

زانستی زمانی پەروەردەیی ئەرکی دیاریکردن و پەسەندکردنی پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردنی زمانە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵی زمان لە پرۆسەکانی فێربوون و فێکردندا دەستنیشان دەکات و چۆنیەتی و بنەما و بنەڕەتەکانی پەسەند دەکات و دەخاتەڕوو، زانستی زمانی پەروەردەیی بە گشتی لە زانستی زمانی کارەکییەوە سەرچاوەی گرتووە "بنەماکانی پرۆگرام جێگیرنین، بەڵکو بە گوێرەی هزری نوێ و پێشکەوتنەکان بە تایبەت لە بواری زانستی و کۆمەڵایەتی، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەم بنەمایانە لەیەکتری جیاوازنین، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەموویان تەواوکەری یەکترن و کار لە یەکتری دەکەن و بە نەبوونی یەکێکیان کەلێن و کەموکوڕی لە نێو پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە دروست دەبێت" (علی، سمین،٢٠٢٢: ٢٧).گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە پرۆگرامی لەسەر دادەنرێت بریتین لە (بنەمای زمانەوانی- زمانی، بنەمای دەماری- زمانی، بنەمای کۆمەڵایەتی- زمانی، بنەمای دەروونی- زمانی).

**٢.٢ بنەمای زمانەوانی – زمانی :**

زمانەوانی لە تیۆری پەسنکردن پێکدێت"پەسنکردن بەشەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە، هەوڵدەدات لەکارەکانی زمان بدوێت کە چۆن قسەکەر واتا وەربگرێت و وەسفییان بکات و پەیوەندیی نێوان واتا و وشەکان بە یەکتری بەستێتەوە، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە دەکات و تیشک دەخاتە سەر دروستە، وەرگرتن، بەکارهێنان، گۆڕانی زمان بە گشتی"( B.Spolsky and F.M.Hult,2008,53). کەواتە زمانەوانی هەوڵدەدات لە پەیوەندیی نێوان زمان و پەروەردە بکۆڵێتەوە و ڕونیبکاتەوە، کۆششدەکات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری، بۆچی پەروەردە پێویستی بە زمانە؟" زانستی زمان کارێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو کردارێکی وردە و مەبەستدارە، کە لەسەر بنەمای زمانەوانی بنیاتنراوە کە لەسەر کۆمەڵێک چەمک و بنەما کۆکراونەتەوە و ناوەرۆکی پرۆگرام بەپێی بنەمای زمانەوانی لەسەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری یان کارەکی دروستبووە، بەنموونە (چەمکی زمان، ئەرکی زمان، تایبەتمەندی زمان...هتد) کە تایبەتمەندی زمان دەتوانرێ لە دانانی پرۆگرامی خوێندندا سوودی لێوەربگیرێت"( فەقێ ئەمین ،٢٠١٥ :١٢٥).

**٣.٢ زمانی ستاندارد:**

زمانی ستاندارد لە زارێکی زمان پەیدا دەبێت و دواتر ئەو زارە لە بواری خوێندن و پەروەردە و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پەرەدەستێنێ و دەبێت بە زمانێکی باڵادەست، ئیدی لە پاشان وەک زمانی ستاندارد خۆی دەنوێنێ. زمانی ستاندارد گرنگی تەواوی بۆ نەتەوە هەیە و دەبێتە بنەمای زمانی خوێندن و یاسا و کتێب و ئەدەب و کەلتوور و دامودەزگاکانی وڵات و ڕاگەیاندنەکان، لە قوتابخانە و زانکۆ و دەزگاکان و پەرلەمان و هەواڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان و شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردێت. "ترادگیل دەڵێت: زمانی ستاندارد شێوە زمانێکە، کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردێت و لە قوتابخانەکاندا پێی دەخوێنن، هەروەها زمانێکە خوێندەواران ئاخاوتنی پێدەکەن و لە میدیاکاندا بەکاردەهێنرێت"(عەبدوڵڵا خۆشناو،٢٠١٣: ٧٣). زمانی ستاندارد بنەمایەکی سەرەکییە و پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا پەیڕەوی بکەین و بە زمانی ستاندارد بنوسین، چونکە ئەگەر خاوەنی زمانێکی ستانداردبین دەتوانین بە یەک شێواز بنوسین و بخوێنینەوە، بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت تا یارمەتیی قوتابییان بدات لەم ڕێگەیەوە پەرە بە لێهاتوویی زمانی ستاندارد و خوێندنەوە و نوسین وەهەموو لایەنەکان بدرێت. بۆیە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا یەک زار پەیڕەوبکرێت نەک وەک ئەوەی کە لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا چەند تێکەڵکردنێکی دیالێکتەکانی زمانەکە دەبینرێت کە ئەم تێکەڵکردنە بە تایبەت بۆ قۆناغی سەرەتای زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت. ئەمەش بووەتە هۆی سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە پەرتوکی قوتابخانەکان.

**٤.٢ پەرەپێدان بە توانستی قوتابی:**

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

توانست وزەیەکە لە مرۆڤدا هەیە کە چالاکییە ناوەکییەکان پەرەپێدەدات و ڕێکیاندەخات، پەروەردە دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە دینامیکییە و پرۆسەیەکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، لە ڕێگەی زمانەوە بەپێی سیستەمی توانستی قوتابی لە پەروەردەدا پەرەپێدەدرێت، توانستی زمانی لە لایەن چۆمسکییەوە بریتییە لە " بە توانای زاڵبوون و دەسەڵاتشکاندنەوەی کەسێک بەسەر زمانێکی دیاریکراودا گوتراوە و ئەو زانیاریانەی زمان دەگرێتەوە، کە ئەو کەسە بە شاراوەیی و نادیار لە مێشکیدا هەیەتی پەیانپێدەبات" (حەمەسعید ، ٢٠٠١ :١٤). پرۆسەی پەروەردە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەم توانایە بۆ منداڵ دەستەبەر بکات، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆگرام و شێوازی وانەوتنەوە بەدەستدێت، لێرەشەوە ئەرکی پەروەردە گرنگتر و قورستر دەبێت، کە هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی توانستی زمانییەوە توانستی ستراتیژی بەدەستدەهێنێت، کەواتە" توانست مەعریفەی ئاخێوەرانە سەبارەت بە زمانەکەیان"( علی کمال، ٢٠٠٢ :١٧).

### ٥.٢ زمان و درککردن و بەکارهێنانی کۆزانیاری:

زمان بۆ فێربوونە، توانستی زانستی زمان پەروەردەکردنی لێهاتوویی تاکە لە خوێندنەوە نوسین و تێگەیشتن، فێرکردنی زمانی دایک بۆ تێگەیشتنە لە ئەرکی شاراوەی زمان، فێربوون و لێهاتوی لە زانستەکانی تری وەک کیمیا، فیزیا، جوگرافی، ...تاد. گرنگی بە پرۆسەکردنی زانیاری لە فێربوونی زماندا پەیوەستە بە ئاگایی و هۆشیاریی تاک و بەکارهێنانی لە دەوروبەردا. ئەمەش تاک لە وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و خەزنکردنی زانیارییە پێشینەکان لەیادگەدا چالاکدەکاتەوە " زانستی زمان پێڕەوی چەند بیرێکی پەسەند و گرنگ دەکات و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکات، کە بریتین لە : پەسەندکردن یان بەر لە پەسەندکردن، جۆراوجۆری و گۆڕان یان چونیەکی، فۆڕم یان ئەرک" (B.Spolsky and F.M.Hult , 2008 , 79)

١. پەسەندکردن یان بەر لە پەسەندکردن : دەستور لە وەسفکردنی گۆڕینی زمان، شێوازەکان، دەستنیشانکردنی زمانی ستاندارد و بەکارهێنانی، بە سنوردارکردنی دیالێکتەکان، وەرگرتنی بیروڕای جیاواز، بەکارهێنانی زمانی گشتی، وەک دەستوری زمان لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت.

٢. جۆراوجۆری و گۆڕان یان چونیەکی: زانستی زمان بایاخ بە گەشەکردنی زمان و گۆڕینی و دیاریکردن و باسکردنی بوارە گۆڕاوەکانی زمان دەدات، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گۆڕینی زمان، جێگای سەرنجی زانستی زمانە، گۆڕینی زمان لە ئەنجامی گۆڕانی بیری تاکەکان و کۆمەڵ و سەردەم ڕوودەدات .

٣. فۆڕم یان ئەرک: فۆڕمەکانی زمان ئەرکی جیاوازی خۆیان هەیە، کە تایبەتمەندیی ئەو فۆڕمانە دەردەخات، وشە لە فۆڕم و واتا پێکدێت، کە شێوەی خوێندنەوە و نوسین ( فۆڕم ) واتا ( ئەرک ) لە زماندا دیاریدەکەن، توێژینەوەی وشەکانی زمان بەپێی دابەشکردنیان دەگۆڕێت، بۆنمونە بەپێی پۆلی فۆڕم بریتییە لە: ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، ....، یان بەپێی ئەرکیان لە بنیاتنانی ڕستەدا، وەک بکەر لە کرداردا، دیارخەر لە فرێزدا،... زانستی زمانی درکپێکردن بەهۆی پشتگیریکردنی پێگەی سەرەکییەوە تایبەتمەند دەکرێت " ڕێکخستن و چالاککردنی فۆڕمی زمان پەیوەستە بە : ١ ــ ڕێکخستن و چالاککردن بە بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی. ٢ــ هۆکارەکانی ڕێکخستن و چالاککردن. ٣ ــ سینکرۆنی یان دیاکرۆنی. ٤ ــ دەق یان سیستەم . ٥ ــ لێکسیم یان گەردانکردنی وشە. ٦ ــ دەنگ یان پیت ٧ ــ وشە یان واتا. ٨ ــ خاڵبەندی یان دروستەی ڕێزمان" (فەرەج ، مەحموود ، ٢٠١٣ :٨٥ ).

### ٦.٢ زمانی دایک و فرەزمانی:

پەروەردەی فرەزمانی ئاماژە بۆ بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاتر دەکات "لەساڵی ١٩٥٣ ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پسپۆڕ لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە لە بارەی هەڵبژاردنی زمان لە پەروەردەدا پێشکەشکرا، ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی دایک دەکاتەوە" (B.Spolsky and F.M.Hult , 2008 , 79). گرنگە قوتابی لەسەرەتای قۆناغەکانی خوێندنیدا بە زمانی یەکەم بخوێنێت. بێتە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی تەواوەتیی زمانی یەکەم لەلای منداڵ و پاشان بچێتە ناو فێربوونی زمانی دووەم، بەمەش متمانە و گرنگیی زمانی ستاندارد و توانا و پلەی زمانی زگماکی لای قوتابی پەرەدەسێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی کێشە و گرفتەکانی ناو پۆل و دەرەوە هەر بەو زمانە چارەسەر بکات، چونکە قوتابی زمانی خوێندن بە زمانی چارەسەرکردنی گرفتەکان و توانای گەیاندن دەزانێت .

### ٧.٢ ڕێنوس:

نوسین پێڕەوێکی بیرییە، ئاخاوتنەکان و ڕێنوس ئەو سیستەم و یاسایەیە کە بۆ دیاریکردنی واتای وشە و جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکانە، کە لە زماندا پەیڕەو دەکرێت، بەمەش نوسین پێویستی بە جێبەجێکردنی ڕێنووسی دروستە "ڕێنوس یان ئەلفوبێ، شێوە و چۆنیەتی نوسین دەگرێتەوە و بەشێکە لە زمانەوانی، خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە پێویستە نوسەر لە کاتی نوسیندا پابەندی دەستور و ڕێساکانی نوسین بێت ئینجا دەست بە نوسین بکات" (خۆشناو، ٢٠١٦ :١٣). نوسین ڕەمزی ئاخاوتنە و شێوە و چۆنیەتیی نوسینە و خاوەنی یاسا و دەستورە کە سەرەتا پێویستە بەم دەستور و ڕێسایانە پابەندبین ئەو کاتە دەست بە نووسین بکەین، ئامانجی ڕێنووس بەرزکردنەوەی ئاستی دروستنوسینە، کە گرنگە مامۆستا ڕۆژانە جەخت لەسەر دروستنوسینی منداڵ بکات، چونکە هەڵەی ڕێنوسی تێروانینی خراپ و تێگەیشتنی واتا و تێکدانی پێڕەوی زمانی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە گرنگە زۆر بە وردی پرۆگرامی خوێندن دابنرێت و بە تەواوی ڕەچاوی هەموو بنەما و یاساکانی ڕێنوس و وشە بکرێت، چونکە سەرەتای فێرکردنی منداڵ زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی چۆن فێرکرا هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت و کاریگەریی لەسەر تەواوی قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی دەبێت "چارەسەرکردنی گرفتی ڕێنووس، لانیکەم نووسین بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو کارێکی ئەوەندە گران نییە. بە تایبەت لە نووسینی پەرتووکەکانی خوێندندا، چونکە ئەم پەرتووکانە بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردە چاپدەکرێن، بۆیە وەزارەت لە توانایدا هەیە چەند لیژنەیەک ڕابسپێرێ بۆ یەکخستنی نووسینەکانی ناو ئەم پەرتووکانە"( عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢ : ١٤-١٥).

## ٣. هەڵسەنگاندنی پەرتووکی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی بەپێی بنەمای (زمانەوانی ــ زمانی)

### ١.٣ بەکارهێنانی زمانی ستاندارد:

هەر وەکو لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە، قوتابی پێویستە فێری خوێندنەوە و نوسین بە زمانی ستاندارد بکرێت و پرۆگرامەکانی خوێندن بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی پێویستە بە زمانی ستاندارد بنوسرێت، چونکە زمانی ستاندارد هۆکارێکە بۆ بوون بە نەتەوە و دەوڵەت و پاراستنی کولتوور و فەرهەنگ و پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵ، دەگەیەنێ . نوسین بە زمانی ستاندارد وادەکات قوتابی درک بە گرنگی و بایەخی زمانی نەتەوەکەی بکات و دەیکات بە بنەما و بناغە و لە دروستکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاری دەهێنێت و بڕیاری پێدەدات، بەڵام

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

تا ئێستا نەتەوەی کورد زمانێکی ستاندارد و یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نییە و بەپێچەوانەشەوە لە دامەزراوە پەروەردەییەکانیدا، دوو زاری زمانی کوردی کاری پێدەکرێت، لە لایەکی تر ڕادەی تێگەیشتن و فێربوون بە زمانی ستاندارد زیاترە و قوتابی زووتر فێردەبێت و تێدەگات. بۆیە هەر ئەم هۆکارەیە وادەکات کە گرنگی بە زمانی ستاندارد بدەین بۆ نوسینی پڕۆگرامی خوێندن .

ئەوەی لە پەرتووکی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی دەبینرێت:

کۆد گۆڕین لە بابەتەکانی ناو پڕۆگرامەکە بەرچاودەکەوێت، کە کۆدی شێوەزار یا ئەکسێنتی ناوچەیی خراوەتە ناو پڕۆگرامەکەوە، کە ئەمە بۆ خوێندن دروست نییە، بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتیی خوێندندا، چونکە قۆناغی بنەڕەتی بناغەی فێربوون و فێرکردنە لە زماندا، بۆیە پێویستە قوتابی بە زمانی ستاندارد و زمانێکی پاراو فێری نوسین و خوێندن بکرێت، لەگەڵ گۆڕینی کۆدەکەشدا زۆرجار لە هەندێ شوێندا وشەیەک یاخود بابەتێک بە شێوەزارێکی تر نوسراوە، کە ئەمەش وادەکات قوتابی بە گشتی و لەم قۆناغەدا بە تایبەتی توشی بێزاری و ناڕەحەتی و سەرلێشێوان لە فێربوون و فێرکردنی زمانەکە بکات، چونکە قوتابی لەم تەمەنەدا پێویستە هانبدرێت بۆ فێربوونی زمانەکە و پێویستە وابکەین حەز و ئارەزووی بۆ دروستبێت و دەرفەتی بۆ بڕەخسێت بۆ وەرگرتنی زمانەکە بە دروستی و بابەتەکانی نێو پڕۆگرامی خوێندن، نەک بێزاربێت لە وەرگرتن و فێربوونی زمانەکە. یان چالاکییەک یاخود ڕاهێنانێک بە شێوەزارێکیتر نوسراوە کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و نابێت لەناو پڕۆگرامدا ببینرێت، چونکە جگە لەو گرفتانەی کە باسکران، گیانی خۆپەرستی و ناوچەگەرێتی لە لای قوتابی دروستدەکات، کە گرنگە پڕۆگرام هۆکارێک بێت بۆ یەکڕیزی و خۆشەویستی ناوچەکان و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتیمان لە ناخ و دەروونی قوتابی بچێنرێت، نەک بە پێچەوانەوە، لێرەدا منداڵ خۆی بە تەواوەتی فێری نوسین و خوێندنەوەی زمانی ستاندارد یان شێوەزارەکەی دیکە نەبووە، چۆن دەتوانێت ئەم شێوەزارەش فێربێت؟ ئایا چۆن دەتوانێ وەڵامی چالاکییەکە بداتەوە و لە وشەکانی تێبگات؟ بۆ نمونە:

لە پڕۆگرامی قۆناغی دووەمدا هەندێک بابەت کە بە زارێکی تر نوسراون کێشە بۆ قوتابییانی زارەکانی تر دروستدەکات، چونکە بابەتێک کە بە زاری کوردی باکور نوسراوە ڕەنگە بۆ قوتابییانی زاری کوردیی ناوەڕاست بۆ تێگەیشتن و فێربوون قورس و زەحمەت بێت و بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە بۆ قوتابییانی زاری کوردی باکوریش قورس و زەحمەت بێت بتوانن بابەتێک کە بە زاری کوردیی ناوەڕاست نوسراوە فێری ببن و لێی تێبگەن، بۆیە ئەو بابەتانەی بە زارێکی تر نوسراون بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە نەگونجاون چونکە ناتوانی باسی زارەکانی زمانی کوردیی بۆ منداڵێکی لەم تەمەنە بکرێت، وەک وشەکانی (ئاخافتن لە لاپەڕە ٣٨، بئاخڤین لە لاپەڕە ١٦، گازکرد لە لاپەڕە ٥٥ ) بە شێوەزارێکی تر نوسراون، ڕستەکانی (تو بۆ حەزدکەیت وارێ مە پێشکەڤیت، ئەم بە چ زمانەک دئاخڤین، وارێ مە گەلەک جوانە، خۆشتەڤی لبەر دلا، ئەمانە هەموویان لە هۆنراوەی (وارێ مە) لە لاپەڕە ٥٠ کە تەواوی هۆنراوەکە بە زارێکی تر نوسراوە، لە (ڕێنوسیش) لە لاپەڕە ٤١ دا بە هەمان شێوە بە شێوەزاری تر نوسراوە و وشەکانی قورسن بۆ تێگەیشتن و نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغەی قوتابی، هەروەها گەڕیانەک د ناڤ وەلاتیدا ( ناونیشانی بابەتێکە) لە لاپەڕە ٣٥ و ٣٦ کە نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە چونکە کۆی گشتیی بابەتەکە بە زارێکی تر نوسراوە و ڕاهێنانەکانیشی لە لاپەڕە ٣٨ بەم شێوەیە نوسراون:

(گەڕیانەک دناڤ وەلاتیدا) خێزانا شاهۆی و شیلانێ کیڤە چوون؟ بابێ چ ب زارۆکان دا نیاسین؟ ئەو خێزان ب چ دلخۆش بوون؟ بەری بگەهنە باژێرێ دهۆکێ کیڤە چوون؟ ئەگەرێن وێ بێهنا خۆش چ بوون؟ دەمێ گەهشتنە دهۆکێ کیڤە چوون؟ ڕاستە بۆ قوتابییان سوودی هەیە و بەهۆی ئەم بابەتانەوە قوتابییەکە تێدەگەیەنێت کە زمانەکەمان لە کۆمەڵە زارێک پێکدێت و پێی ئاشنا دەبێت و قوتابی بەو هۆیەوە دەزانێت کە ئەمانەش کۆمەڵە زارێکن لە زمانەکەیدا هەن و بە کۆمەڵێک ڕستە و وشەی تایبەت بە زارەکە ئاشنادەبێت، بەڵام وا گونجاوترە ئەم بابەتانە ببردرێنە قۆناغی چوارەم بەرەو سەرەوە، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا لە تەمەنێکدایە دەتوانرێ بابەتی زارەکانی زمانەکەی بۆ ڕونبکرێتەوە و فێری ئەوەی بکەین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەندە و لە کۆمەڵە زارێک پێکدێت و بە زارەکانی زمانەکەی ئاشنا بکەین چونکە قوتابی لە تەمەنێکدایە دەتوانێ هەست بە شتەکان بکات و لێیان تێبگات، کەواتە بۆ قۆناغێکی تر گونجاوترە نەوەک ئەم جۆرە بابەتانە لەم قۆناغە دابنرێن.

لە لاپەڕە ٣٩ دا لە یەکێک لە ڕاهێنانەکان کۆمەڵە بۆشاییەک کراوە و داواکراوە کە بە وشەی گونجاوی ناو دەقەکە پڕیبکاتەوە، ئەم ڕاهێنانە بە زارێکی تر نوسراوە و ئەستەمە قوتابی بتوانێ لێی تێبگات و بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، چونکە منداڵەکە لەم تەمەنەدا ئاشنایەتی لەگەڵ زارەکانی زمانی کوردی نییە و ئەم ڕاهێنانە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و نەگونجاون بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە، ئەم وشانە بەتەواوی سەر لە قوتابی دەشێوێنن و بیری قوتابی دەپچڕێنن و ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی لاواز دەکەن بە تایبەت کاتێک لە نێو کۆمەڵە وشەیەکدا وشەیەک بە زارێکی تر دەهێنرێتە نێو وشەکانەوە و ئەم وشەیە بۆ قوتابی نامۆیە و بیری قوتابی دەپچڕێنێت و وادەکات ئەو تێگەیشتن و بیرۆکەیەی کە پێشتر هەیبووە بۆ بابەتەکە بەهۆی وشەیەک کە بە زارێکیتر نوسراوە بە شێوەیەکە کە واتاکەی ناڕونە و قوتابی نازانێت لێکیبداتەوە ئەمەش وادەکات ئەو بیرە لەناو ببات کە پێشتر بۆ بابەتەکەی هەبووە و تێگەیشتنی پەرتەوازە دەکات.

لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی کۆدی دوو شێوەزار لە پڕۆگرامدا کێشە و گرفت بۆ تێگەیشتن و فێربوون و بیروبۆچوونی قوتابی دروستدەکات، بەکارهێنانی ئەکسێنتی ناوچەیی دوو هێندە ئەم گرفتانە زیاددەکات، ئەم جۆرە بەکارهێنانەش لە پڕۆگرامی نوێی پەرتووکیی کوردیی قۆناغی دووەم بەرچاو دەکەوێت وەک: (سماق لە لاپەرە ١٩، گجکە و گازکرد لە لاپەرە ٥٤، ئاگامان لەیەکدییە لە لاپەڕە ٦١ی وەرزی دووەم) ئەمانە کێشە بۆ تێگەیشتنی قوتابی لەم تەمەنەدا دروست دەکەن و لێرەدا قوتابی نازانێت کامەیان ڕاستە. لە دوای هەمووبابەتەکان لێکدانەوەی وشە و واتا کراوە کە ئەمە بۆ قۆناغی سەرەتایی پێویست نییە، چونکە ئەوەی گرنگە بۆ قوتابی لەم قۆناغەدا فێربوونی نوسین و خوێندنەوە و بەها کۆمەڵایەتییەکانە، دواتر لە قۆناغەکانیتردا فێری هاوواتا و فرەواتاکان بکرێت، نەک وەک ئەوەی کە لەناو پڕۆگرامەکاندا بەدی دەکرێت، کە فێرکردنی هاوواتا و فرەواتا نییە بەڵکو فێرکردنی دوو زارە یان شیوەزارە، بۆ نموونە:

لە لاپەرە ٣٥دا نوسراوە (کەسک)، لە لاپەرە ٥٣دا نوسراوە (سەوز) ئەمە سەر لە قوتابی تێکدەدات و دەبێت تەنیا بە یەک شیوە بەکاربهێنرێت.

| | |
|---|---|
| بڕێڤە : بە ڕێوە | د ناڤدا : لە ناودا |
| د بورین : تێدەپەڕین | د کارین : دەتوانین |
| هاڤینگەهـ : هاوینەهەوار | (لە لاپەڕە ٣٧ وەرزی دووەم). |

یان نوسراوە هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دادەنێم، لە ڕاستیدا هاوواتا نین بەڵکو فێرکردنی دوو زارە:

| | |
|---|---|
| گەڕیان : گەڕان | زەڤی : زەوی |

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

هەمی : هەموو سێڤ : سێو ..... لە هەمان لاپەڕەدا.

بە هەمان شێوە لە چالاکی و ڕاهێنانی لاپەڕە ٤٦دا نوسراوە: هاوواتاکان لە شوێنی ڕاست دەنوسم و تەنها فێرکردنی دوو زارە وەک ئەوانەی پێشوو :

مریشک : مامر دۆزییەوە : دیتەڤە

ناتوانم : نەشێم جوجەڵە : جیجک

## ٢.٣ بایەخدان بە دروستنوسینی پیت و وشەکان:

بێگومان گرنگە زمانی نوسین بە شێوازێک بێت کە بیر لە هەموو لایەک بکاتەوە، پێویستە داڕشتن بکرێتە زمانی نوسین لەناو پرۆگرامی خوێندندا، ئەمەش لە ڕێگەی دروستنوسین و پەیڕەوکردنی یاسا زمانییەکان و شێوازی نوسین و خوێندنەوە، پێویستە قوتابی بە زمانی نوسین و خوێندنەوە ئاشنا بکەین و زانیارییەکان بەپێی قۆناغەکان دیاریبکرێن، بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی کە پێویستە لە ڕووی نوسین و خوێندنەوە و دروستنوسین و یەک شێوازی نوسین کامڵ بکرێت، چونکە قۆناغی بنەڕەتی چەسپاندنی پیتەکان و شێوازی نوسینە، گرنگە هەر لە سەرەتاوە بایەخی پێبدرێت و لە یادگەی قوتابی بیچەسپێنین وتاکێکی وا دروست بکەین کە لە قۆناغەکانی تری خوێندندا سودی لێوەربگرێت و بە دروستی بنوسێت.

لە پرۆگرامی خوێندندا لە کاتی بەکارهێنانی وشەکان و دەستەواژەکاندا دوو شێوە نوسین بەرچاودەکەوێت، لەگەڵ بەکارهێنانی هاوواتا/سینۆنیم بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی نوسین کاریگەریی زۆری بۆ نوسینەکە هەیە، بەڵام ئەمە بۆ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی گونجاو نییە و هەڵەیە، چونکە قوتابی توشی سەرلێشێوان و تێنەگەیشتن دەکات لە بابەتەکان. هەڵەی ڕێنوسی لە ناو پرۆگرامەکەدا دەبینرێت، ئەو هەڵانەش بە تایبەت لە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا هەیە، لە هەندێ شوێندا بەیەکەوە نوسراون و لە هەندێ شوێنی تر بە جیا، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو وشە داڕێژراو و لێکدراوانەی کە یەک بیر دەگەیەنن بەسەریەکەوە بنوسرێن لە هەموو کاتێکدا، ئەمە یاسای نوسینی زمانی کوردییە، بۆیە گرنگە لە نێو پرۆگرامدا ڕەچاوبکرێت، تاوەکو قوتابی فێری دروستنوسین ببێت و لە قۆناغەکانی تری خوێندندا توشی کێشەی ڕێنوس نەبێت (فەقێ ئەمین: ٢٠١٥، ١٧٤). لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئەم بنەمایانە نەکراوە و بێ بنەماییەکی زۆر بەدیدەکرێت لە شێوازی نوسیندا، بۆ نمونە: لە وەرزی دووەمدا لە لاپەڕە ٥١ وشەکانی ( چاو ڕەشی، چاو بە کل ) کە وشەی لێکدراون و بە جیا نوسراون، بەڵام پێویست بوو بەم شێوەیە بنوسرێن (چاوڕەشی ، چاوبەکل)، لە لاپەڕە ٧٦ دا مێژووی هاوبەش و زمانی کوردی بۆشایی نێوانیان زۆرە دەبێت یەک بۆشایی هەبێت، لە هەمان بابەت لە لاپەڕە ٧٦ لە بابەتی (کوردستان) وشەی (بە پیت) لە ناو بابەتەکەدا، لە هاوواتاکان لە لاپەڕە ٧٧ نوسراوە (بەپیت) بە دوو شێوەی جیا نوسراوە کە ڕاستەکەی دەبێ بەیەکەوە بنوسرێت بەم شێوەیە (بەپیت). لە لاپەڕە ٥٣ و ٤١ دا نوسراوە (سپاس) دەبوو بەم شێوەیە بنوسرابا (سوپاس)، لە لاپەڕە ٣٥ دا وشەی (وریا بین) بە جیا نوسراوە دەبوو بەیەکەوە بنوسرێت (وریابین)، هەروەها لە وشەی (چیرۆک) لە لاپەڕە ٣٩ لە ڕاهێنان کە دەبوو بەم شێوەیە نوسرابا ( چیڕۆک)، هەروەها وشەی (هێلکاری) لە لاپەرە ٥٤ دەبوو بنوسرێت (هێڵکاری) واتا پیتی (ڵ) نەک (ل)، هەروەها لە وشەکانی (ولات ، وڵات) کە هەردووکیان لە هەمان لاپەڕە پیتی (ڵ) بە دوو شێوەی جیا نوسراوە کە ڕاستەکەی (وڵات)ە، لە لاپەڕە ١٥دا لە ڕاهێنان نوسراوە( نیو دێرەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم) دەبوایە (بزوێنی کورت هەبێت لە کۆتای وشەی (نیو) و بەم شێوەیەبا گونجاوتربوو (نیوە دێر)، لە وشەی (لە پۆڵدا) لە لاپەڕە ٥٢ دەبوو بەم شیوەیە نوسرابا (لە پۆلدا) واتا بە پیتی (ل) نوسرابا نەک بە پیتی (ڵ)، هەروەها وشەی ئۆتۆمبێل کە لە لاپەڕە ٣١ دا نوسراوە هەڵەیە و پێویستبوو نوسرابا (ئۆتۆمبێل).

## ٣.٣ بایەخدان بە نوسینی تەواوەتی وشە و کردارەکان و کورتنەکردنەوەیان:

لە لاپەرە ٢٢ دا وشەی (ڕێ) نوسراوە، دەبوو بنوسرایە (ڕێگا) نەک وشەکە کورت بکرێتەوە، پێویستە وشەکان بە تەواوی دەربرڕدرێن چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا فێری وشەکان و دروستنوسینیان دەکرێ و نابێ وشەکان کورتبکرێنەوە و گرفت لە فێرکردندا دروستبکات.

لە پەرتوکی کوردیی پۆلی دووەمدا (٢٠٢٢) وشەکانی:

(گیانلەبەر) لە لاپەڕە ٤٨ و ٥٧ ی وەرزی دووەم لەگەڵ (ئاژەڵ) لە لاپەڕە ٥٢ وە (گیانداران) لە لاپەڕە ٢٠. بە سێ شێواز بەکارهاتووە و هەموویان هەمان واتا دەبەخشن بۆیە وا گونجاوتربوو تەنها بە یەک شێواز ، تاوەکو سەرلێشێوان بۆ قوتابی دروست نەکات.

(ڕۆژ) لە لاپەرە ٢٢ لە ڕاهێنان و لە لاپەرە ٨١ بەکارهاتووە و (خۆر) لە لاپەڕە ٦٥ نوسراوە کە ئەمانەش هەمان واتا دەبەخشن و وا گونجاوترە تەنها بە یەک شێواز لە ناو پرۆگرامەکەدا بەکارهاتبا، بۆیە دەکرا و گونجاوتربوو تەنها (خۆر) بەکارهاتبا چونکە کە دەڵێن ڕۆژ ڕەنگە قوتابی نەزانێت بە واتای ڕۆژەکانی هەفتە دێت یاخود ئەو ڕۆژەی لە ئاسمانە بەڵام کە دەڵێن خۆر ڕاستەوخۆ دەزانێت مەبەستی لەو خۆرەیە کە لە ئاسمانە. هەروەها لە لاپەڕە ٣٩ دا نوسراوە (دژواتاکان دەگەیەنم) کە ئەمە کورتبڕییە، وا گونجاوتربوو بنوسرێت (دژواتاکان بە هێلێک بە یەکتری دەگەیەنم) بەم شێوەیە منداڵەکە دەزانێت دەبێت وشە گونجاوەکان بەهێلێک بە یەکتری بگەیەنێت.

(باپیر لەگەڵ باپیرە ) لە لاپەڕە ٤٤ وە (داپیر لەگەڵ داپیرە) لە هەمان لاپەڕەدا بە دوو شێوە بەکارهاتووە، هەردووکی بە یەک شێوە بنوسرابا گونجاوتربوو. (بەکەڵک) و (بەسود) لە لاپەڕە ٤٥ نوسراون وا گونجاوتربوو تەنها بە یەک شێوە بەکارهاتبا نەوەک بە دوو شێوەی جیاواز و سەر لە منداڵەکە بشێوێنێت.

(ڕێگا) لە لاپەڕە ٥٣ بەکارهاتووە و (شەقام) لە لاپەڕە ٥٢ و ٥٣ کە هەردووکیان هەمان واتایان هەیە و وا گونجاوتربوو تەنها یەکێکیان بەکارهاتبا. (کێیس ، ماوس ، بیستەر ، مۆنیتەر ، کیبۆرد) کە لە لاپەڕە ٧١ نوسراون گونجاو نین بۆ ئەم تەمەن و قۆناغەی قوتابی چونکە هەم منداڵ لە تەمەنێکدایە نازانێت مەبەستی لە چییە و ڕەنگە هەر بەرچاویشی نەکەوتبێت و نەزانێت بەشێکن لە بەشەکانی کۆمپیوتەر.

بابەتی (کۆمپیەتەر) بەڵام وێنەی ( وردبین یا دووربینە یا ئامێری پشکنینی چاوە) لە لاپەڕە ٦٨ دا هەیە و نەگونجاوە لەگەڵ ناونیشانی بابەتەکە و ناوەرۆکەکەی، چونکە لە ناوەرۆکی بابەتەکە داوا لە (ئاسۆ) دەکرێ کە بچێت لە پشت ئامێرەکە دابنیشێت تاوەکو چاوەکانی بپشکنێت، بەڵام بابەتەکە و ناونیشانەکەش گونجاونین و ئامێرەکەش کۆمپیوتەر نییە، تەنها مەبەستی لەوەیە کە لە ڕێی ئامێرەکانەوە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەتوانێ ئەنجامی پشکنینەکان وەربگرێتەوە و پشکنینەکانی ئەنجام بدات. لە هەمان بابەتدا وێنەیەکی تر هەیە کە مامۆستایەک ئایپاتی لە دەستە و لەگەڵ هەندێ لە قوتابییەکان و دوو دانەشیان کۆمپیوتەریان لەلایە، جگە لەوەی خودی بابەتەکە بۆ ئەم تەمەنە گونجاو نییە، بابەتەکە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت و وا لە منداڵەکە دەکات حەزی بەکارهێنانی ئامێرەکانی وەک ( مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر و .. هتد ) لە مێشکی منداڵەکە دروست بکات و وابکات داوای بەکارهێنانیان بکات، کە ئەمەش بۆ

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

ئەم تەمەن و قۆناغە گونجاو نییە و زیان بە مێشکی منداڵەکە دەگەیەنێت دەتوانرێ ئەو جۆرە بابەتانە بخرێتە قۆناغەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن.

لە گفتوگۆی لاپەڕە ٧٠ دا نوسراوە ( لاپتۆپ چییە؟ ئایا دەزانیت کۆمپیوتەر بەکاربهێنیت؟ پەپکە (سیدی) بۆچی بەکاردێت؟ یادگە ( فلاش میمۆری) بۆچی بەکاردێت؟ ئەم بابەتە و پرسیارانە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت و وادەکات حەزی بۆ ئەم جۆرە ئامێرانە دروستبێت و نەگونجاوە بۆ ئەم قۆناغ و تەمەنەی منداڵ چونکە منداڵ هاندەدات بۆ کڕین و بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە. لە لاپەڕە ٧١ دا لە یەکێک لە ڕاهێنانەکان وێنەی کۆمپیوتەرێک دراوە لەگەڵ بەشە پێکهێنەرەکانی کە داوادەکات ناوی بەشەکانی کۆمپیوتەرەکە بنوسێت، ئەمەش بۆ ئەم قۆناغ و تەمەنە قورسە چونکە قوتابیەکان تەمەنیان بچوکە و منداڵن و ڕەنگە زۆربەیان کۆمپیوتەریان هەر نەبینیبێت تا ناوی بەشە پێکهێنەرەکانی بزانن و نەگونجاویشە چونکە قوتابی هاندەدات و وادەکا حەز و ئارەزووی بۆ کڕین و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر زیاد بکات.

لە لاپەڕە ٧٣ لە خۆشنوسی نوسراوە ( کۆمپیوتەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت) ئەم ڕستەیە نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە، هەروەها لە هەمان لاپەڕە دا نوسراوە (پێویستە هەموو مرۆڤێکی خوێندەوار فێری کۆمپیوتەر ببێت) ئەمەش بە هەمان شێوەی ڕستەکەی ترە و نەگونجاوە چونکە وادەکات بیری قوتابی پەیوەست بێت بە کڕین و بەکارهێنان و فێربوونی کۆمپیوتەر. وشەی(نەوت و کانزا) کانزا لە ڕووی تێگەیشتن و واتاوە قورسە بۆ قوتابی لەم تەمەنەدا بۆیە نەگونجاوە بۆ ئەم قۆناغە و تەمەنەی قوتابی، کە لە لاپەڕە ٧٦ و ٨٠ دا نوسراوە. (سامانە سروشتییەکانی کوردستان بژمێرە؟ لە لاپەڕە ٧٧) ئەم پرسیارە نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغەی قوتابی، چونکە منداڵ لەو تەمەنە ئەستەمە بزانێت سامانە سروشتییەکانی کوردستان، چین.

(تەقەلا) کە لە لاپەڕە ٨١ هەیە، وشەیەکە واتاکەی قورسە بۆ تێگەیشتن کە خۆی واتای (هەوڵ، کۆشش) دەگەیەنێت. گونجاوتربوو یەکێک لەمانە بەکارهاتبا تاوەکو منداڵەکە بتوانێ بە ئاسانی لە واتای وشەکان تێبگات و کێشەی بۆ دروست نەبێت. گیانلەبەری دڕندە کە لە لاپەڕە ٨٣ هەیە، نەگونجاوە و لە ڕووی دەروونییەوە ڕەنگە کاریگەری لەسەر قوتابی دروست بکا و وشەی دڕندە گونجاو نییە بۆ ئەم تەمەنەی قوتابی.

لە ڕاهێنانەکانی لاپەڕە ١٥ نوسراوە (پەرژین: داوای هاوواتاکەی کردووە) کە وڵامەکەی (تانۆکە) ئەم وشەیە بۆئەم تەمەنەی قوتابی قورسە بۆ تێگەیشتن و منداڵەکە ناتوانێت لە واتاکەی تێبگات بە ئاسانی و بۆیەش ڕەنگە نەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەئاسانی بداتەوە. وشەی ( قوتابخانەی هاوچەرخ) لە لاپەڕە ١٦ نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغەی قوتابی چونکە وشەی (هاوچەرخ) قورسە بۆ تێگەیشتن و دەتوانرا لە جیاتی بەکارهێنانی ئەم وشەیە وشەی
( نوێ) بەکارهاتبا و ئاسانتر دەبوو بۆ قوتابی و دەیتوانی بە ئاسانی لە واتاکەی تێبگات. وشەی (ڤیشک) کە لە لاپەڕە ٢٥ دا نوسراوە قورسە بۆ تێگەیشتن و منداڵەکە ناتوانێت بە ئاسانی واتاکەی بزانێت و کێشەی بۆ دروست دەکات بۆیە نەگونجاوە و گونجاوتربوو نوسرابا (کەرە) بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات.

لە ڕاهێنانی لاپەڕە ٤٠ نوسراوە کۆمەڵە جێناوە لکاوەکانی کرمانجیی خواروو بە قوتابی دراون کە بابەتی جێناوەکان بۆ قوتابی زەحمەتە و ڕاهێنانەکەش بە شێوەی زاری کوردیی باکور نوسراوە و سەر لە قوتابی تێکدەدات و بیری ئاڵۆز دەکا چونکە قوتابی خۆی سەر بە زاری کوردیی ناوەڕاستە زەحمەتە بتوانێ لەم زارە تێبگات، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕەنگە بۆ قوتابییەک کە سەر بە زاری کوردیی باکورە بە ئاسانی بتوانێ لێی تێبگات. لە ڕاهێنانی لاپەڕە ٤٦ کۆمەڵێک وشە بە (زاری کوردیی باکور) نوسراوە و داواکراوە قوتابی ئەم وشانە لە شوێنی گونجاو دابنێت. کە ئەمەش سەر لە قوتابی تێکدەدات ، لەبەر نەبونی زمانی ستاندارد ئەو منداڵانەی سەر بە زاری کوردیی ناوەڕاستن بە زەحمەت لە زاری کوردی باکور تێدەگەن بە پێچەوانەشەوە، بۆیە ڕەنگە ئەم ڕاهێنانە بۆ قوتابییانی زارەکانیتر زەحمەت بێت. وشەکانی (بە گورجی، مەزەندەکرد، چنگۆڵە) کە لە لاپەڕە ٥٥ نوسراون قورسن بۆ تێگەیشتن بۆ ئەم تەمەنە و منداڵ ناتوانێ لە واتاکانیان تێبگات بۆیە نەگونجاون.

لە لاپەڕە ٦٠ دا داوا لە قوتابییان کراوە وەڵامی ڕاست لەناو بۆشاییەکاندا بنوسێت کە خۆی (جێناوەکانی کرمانجیی خواروو) بە قوتابییان دراوە، ئەم بابەتەش بۆ ئەم قۆناغە نەگونجاوە چونکە جێناوەکان لەڕووی تێگەیشتنەوە بۆ منداڵ زەحمەتن و ناتوانێ لێیان تێبگات، تا وەڵامی ئەم چالاکییە بداتەوە، چونکە دەبێت بزانێت جێناو چییە ئەوکات دەتوانێ وەڵامی ئەم چالاکییە بداتەوە، بۆیە نەگونجاوە و بۆ قۆناغی ٦ بنەڕەتی بەرەو سەرەوە گونجاوترە. لە لاپەڕە ٨٦ بە هەمان شێوە لە یەکێک لە چالاکییەکاندا کە (جێناوە کەسییە سەربەخۆکان) بە قوتابی دراون و داوا کراوە لە شوێنی گونجاو بیاننوسێت، ئەمەش نەگونجاوە چونکە منداڵ زانیاریی لەسەر جێناو نییە و نەیخوێندووە، بۆ ئەم تەمەنە هێشتا زووە بۆ ئەوەی فێری جێناوەکان و بەکارهێنانیان بکرێت.

### ٤.٣ بایەخدان بە یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان:

ڕێکخستنی یاسا ڕێزمانییەکان لە قۆناغی سەرەتاییدا هۆکارە بۆ زیاتر تێگەیشتن و فێربوونی ڕێزمان لە قۆناغەکانی تری خوێندن، بۆ نمونە پەیڕەوکردنی یاسای [بکەر+بەرکار+کار] لە ڕێکخستنی ڕستەدا لە نێو پرۆگرامدا، بەکارهێنانی جێناوەکان وەک خۆی، بەکارهێنانی خاڵبەندی بە دروستی لە شوێنی خۆیدا، ئەمانە کاریگەریی زۆریان لەسەر شارەزایی و لێهاتوویی قوتابی و فێربوونی هەیە و وادەکات لە قۆناغەکانی تریشدا ئەو بێزارییەی کە لە ئێستادا بۆ ڕێزمان هەیانە کەمتر بێتەوە.

لە لاپەڕە ٤٥ دا نوسراوە: (سێیەمیان: نەخۆشخانەیەکی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی گوندەکەمان دروستکرد). لەم ڕستەیەدا وەک دەبینرێت بۆشاییەکی زۆر لە نێوان وشەکاندا هەیە و زۆر لەیەکتری دوورن، کە دەبوایە ئەم بۆشاییە کەمتربا و وشەکان نابێت ماوەیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبێت. هەر لە هەمان لاپەڕەدا نوسراوە (بۆئەوەی) لێرەدا دەبوو بە جیا نوسرابان و ماوەیەک لە نێوانیاندا هەبوایە چونکە ئامرازەکان ئەگەر وشەیەکی نوێ دروستنەکەن نابێت بلکێن بە وشەیەکی تر واتا دەبوو نوسرابا (بۆ ئەوەی).

لە لاپەڕە ٣٩ دا نوسراوە (دژواتاکان دەگەیەنم)، کە مەبەستی ئەوەیە بە خەتڕاکێشان دژواتاکان بەیەکتری دەگەیەنم، بەڵام بەم شێوەیە ناڕوونییەک بەدیدەکرێت و منداڵەکە ڕەنگە نەزانێت دەبێت بە هێڵێک بەیەکیان بگەیەنێت، وا گونجاوتربوو نوسرابا (دژواتاکان بە هێڵێک بە یەکتری دەگەیەنم). لە لاپەڕە ٣٩ ی وەرزی دووەمدا لە یەکێک لە ڕاهێنانەکاندا داوا لە قوتابی کراوە کە وەڵامی مەتەڵەکان بداتەوە و بە دوو زار بیاننوسێت، ئەمە کێشە بۆ تێگەیشتنی قوتابی دروستدەکات و بیری ئاڵۆز دەکات، چونکە قوتابی لە تەمەنێکدایە قورسە بۆی بزانێت زارەکان چین و چۆن وڵامەکان بە دوو زاری جیاواز دەداتەوە، لە کاتێکدا لەم تەمەنە نازانێت زارەکانی زمانی کوردی چین و بۆ زمانەکەمان لە زاری جیاواز پێکدێت، بۆیەش ئەم ڕاهێنانە بۆ ئەم تەمەنەی قوتابی و ئەم قۆناغەی خوێندن نەگونجاوە، بۆ قۆناغەکانی تر گونجاوترە دەتوانرێ ئەم بابەتە بخرێتە قۆناغی چوارەم بەرەو سەرەوە بۆ ئەم تەمەنە گونجاوترە.

لە لاپەڕە ٢٨ دا نوسراوە (بە هاوكاری وێنەكان دەخوێنمەوە) ئەم ڕستەیە لە ڕووی واتاوە واتایەكی تەواو نادات و نازانرێت ئایا مەبەست لە كێیە هاوكاریی بكات، پێویست بوو بنوسرێت (بە هاوكاریی مامۆستاكەم وێنەكان دەخوێنمەوە) بەم شێوەیە مامۆستا لەگەڵ قوتابییاندا بەیەكەوە هاوكاریی یەكتری دەكەن و وێنەكان بەیەكەوە دەخوێننەوە. بەكارهێنانی یاسا ڕێزمانییەكانی زمانی كوردی لەنێو پڕۆگرامی خوێندندا بەرچاوڕون نییە بۆ قوتابی بۆ قۆناغەكانی داهاتووی خوێندنی بۆ ئەوەی زوتر دركیان پێبكات و فێریان ببێت و زوتر یاساكان وەربگرێت، لە زۆرشوێندا لەنێو پڕۆگرامدا پەیڕەونەكردنی یاساكانی زمانەكە بەرچادەكەوێت، بۆ نمونە: لە زۆرشوێندا پیتی (ڕ) بە (ر) نوسراوە یاخود بە پێچەوانەشەوە، هەروەها: لە وشەی (چیرۆک) لە لاپەرە ٣٩ لە ڕاهێنان كە دەبوو بەم شێوەیە نوسرابا ( چیڕۆک)، لە وشەی (ترافیک لایت) لە لاپەڕە ٥٢ و ٥٤ دەبوو نوسرابا ( تڕافیک لایت ) بە (ڕ) نەک (ر) ، ئەمانە و چەندەها نمونەی تری لەم شێوەیە لە نێو پڕۆگرامی خوێندندا بەرچاودەكەون.

## ٥.٣ گرنگیدان بەخاڵبەندی و بەكارهێنانی بە هەڕەمەكی و لەخۆوە نەبێت:

لە لاپەڕە ١٤ دا بۆشاییەكی زۆر لە نێوان وشەكاندا هەیە، بەم شێوەیەیە:

خۆشەویستەكەی ژینم باخەوانم پەرژینم
سڵاوی زۆر بەتینم بۆ تۆ باوكی شیرینم ....

بەم شێوەیە زۆربەی هۆنراوەكە لە نێوان وشەكاندا ماوەیەكی زۆر هەیە و وشەكان زۆر لەیەكتر دوور نوسراون، بۆیە وا گونجاوترە ئەم دووریە كەمبكرێتەوە و وشەكان لە نزیكتر بنوسرێن. لە بابەتی (پەڕەسێلكە و بۆق) دا لە لاپەرە ٥٣ و ٥٥ دا لە زۆربەی شوێنەكاندا فاریزە دانراوە و ژمارەیەكی زۆر فاریزە بەكارهاتووە و لە هەندێک شوێندا هەر پێویستی پێ نییە، بۆ نمونە: لە لاپەڕە ٥٥ دا نوسراوە (فیلیش شۆڕبێتەوە و قورتمەكەی شۆڕبكاتەوە ناو چاڵاوەكە،) (،) دانراوە لە كۆتایی ڕستەدا كە دەبوو (.) دابنرێت، چونكە ڕستەكە تەواوبووە. لە لاپەرە ٥٩ دا داوا لە قوتابییان كراوە (خاڵبەندی) بۆ ئەو كۆمەڵە ڕستەیە بكات كە لە ڕاهینانەكەدا هەیە، ئەم بابەتە نەگونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغەی قوتابی چونكە: قوتابی لە قۆناغێكدایە تازە فێری وشە و نوسین بووە و ناتوانێت بزانێت خاڵبەندی چییە و چۆن بە پێی هەر ڕستەیەک خاڵبەندی بەكار بهێنێت، هەروەها بابەتی خاڵبەندی لەم قۆناغەدا بۆ منداڵ قورسە بۆیە نەگونجاوە و وا باشترە ئەم بابەتە ببردرێتە قۆناغی چوارەم بەرەو سەرەوە، هەروەها منداڵ جارێ بابەتی ڕستەشی نەخوێندووە چۆن كە بابەتێک زانیاری لەسەری نەبێت و نەیخوێندبێت دەتوانێت وڵامی پرسیارەكانی بداتەوە؟ بۆیە نەگونجاوە بۆ ئەم قۆناغ و تەمەنە. لە لاپەڕە ٦٥ دا لە كۆتای هۆنراوەكەدا ( . . ) دوو خاڵ دانراوە كە هیچ واتایەک نابەخشێت بەم شێوەیە بە گەورەیی و دور لە یەكتری نوسراون، دەبوو بەم شێوەیە (...) سێ خاڵ دوبارە كراباوە كە بەو واتایە دێت سوڕەكە تەواوبوونی نییە و دوبارە دەبێتەوە.

## ٦.٣ فێركردن:

پرۆسەیەكی بابەتی و بەرنامەییە، ئەگەر تاكێک بیەوێت فێرببێت، پێویستە بەپێی نەخشە و بەرنامەڕێژی، هەنگاوی بۆ بنێت، فێركردن هەموو ئەو شێواز و ڕێگا و ڕێبازانەیە، كە بەكاردەهێنرێن بە پێی كات و شوێنی گونجاو، بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون. بەم پێیە ڕێگاكان دروست دەبن. حەز و خولیای منداڵیش هۆكاری سەرەكییە لە فێربووندا، پێویستییەكە كە دەبێ تاک یاخود منداڵ ئەو حەز و ئارەزوویەی هەبێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی فێركردن سەربكەوێت(عەبدولوەهاب: ٢٠١٥ :٣٢). مامۆستا هەوڵدەدات قوتابییەكان بە شێوەیەک فێربكات و ئاراستەیان بكات تێگەیشتن بێنێتە بەرهەم كە لە ئەنجامی پڕۆسەی فێربووندا قوتابی درک بە زانیارییەكان دەكات و فێریان دەبێت و لێیان تێدەگات و ئامانجی پڕۆسەكەش بە باشترین شێواز دەگاتە ئەنجام. لە زۆرینەی بابەتەكاندا دەتوانرێت لە ڕێگەی هێنانەوەی نمونەی نێو كۆمەڵگادا زیاتر سەرنجی قوتابییان بۆ لای خۆی ڕابكێشێت و زووتر لەم ڕێگایە قوتابییان فێربكات و زانیارییەكانیان لەگەڵ یەكتریدا ئاڵوگۆڕ بكەن وەک:

لە بابەتی (مریشكە سورە) دا دەتوانین لە دوای خوێندنەوەی بابەتەكەدا بەم شێوەیە دەستپێبكەین:

- كێ دەتوانێت پێم بڵێت مریشک لە كوێ دەژیت؟

قوتابی لە وەڵامدا دەڵیت : لە كێڵگەكاندا.

- هەڵسەنگاندن(مامۆستا): هەربژی ، ئەی كێ دەزانێت گەنم چۆن دەكرێت بە نان؟

یان لە بابەتی (سوڕی ئاو) دا بەم شێوەیە دەست بە پرسیاركردن دەكەین:

- كێ دەزانێت ئاو لە كوێ زۆرە؟

قوتابی لە وەڵامدا دەڵێت : لە ڕوبار و دەریاكان.

- هەڵسەنگاندن(مامۆستا) : هەربژی، ئەی كێ دەزانێت سوودی ئاو چییە ؟ ..

بەم شێوەیە مامۆستا دەتوانێت لە هەموو بابەتەكانی ناو پڕۆگرامدا لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامی تایبەت بە بابەتەكە و تایبەت بە كۆمەڵگا و ژینگەكەی ئاراستەی قوتابییان بكات و بیری قوتابی بجولێنێت و بەشداری بە زۆربەی قوتابییانی پۆلەكە بكات، بەم شێوەیەش بە شێوەیەكی ئاسان و گرنگ دەتوانرێت قوتابییان لە بابەتەكان تێبگەیەنرێن.

## ٧.٣ هەردوو پەرتوكی خوێندنەوەی كوردیی پۆلی دووەمی بنەڕەتی:

یەكێک لەو گۆڕانكارییانەی لە پڕۆگرامی خوێندنی پۆلی دووەمی بنەڕەتی كراوە بە بەراورد لەگەڵ پڕۆگرامەكانی پێشوو: ئەوەیە پڕۆگرامەكە وەك پۆلی یەكەم كراوە بە دوو كتێب و بەسەر دوو وەرزی خوێندندا دابەشكراوە، واتا لە هەر وەرزێكی خوێندن، كتێبێك دەخوێنرێت، كە ئەگەر بە گشتی سەرنجی هەر پەرتوكێک بدەین دەبینین چەندین كەموكورتیی زانستی و پەروەردەیی و دەروونی لەنێو پڕۆگرامەكەدا هەیە، بەجۆرێك بابەتەكانیان داڕشتووە لەگەڵ بیری خوێندكارێكی پۆلی دووەمی بنەڕەتی ناگونجێت، چونكە بابەتەكان هەندێكیان ئەوەندە قورس و ئاڵۆزن لەگەڵ توانستی هزری و جەستەیی منداڵێكی تەمەن حەوت ساڵان ناگونجێن.

## ٨.٣ بەگشتی پەرتوكەكان لە چەند بڕگەیەک پێكدێن ، لە چەند ڕوێكەوە نەگونجاون:

**١. درێژیی بابەتەكان:** یەكێك لە كێشە هەرە دیار و ناپەروەردەییەكانی ئەو كتێبانە، درێژیی بابەتەكانی خوێندنەوەیە، درێژیی بابەتەكانی خوێندنەوە كە دواتر دەبێت بنووسرێنەوە لە لایەن قوتابییەوە وەكو ئەركێكیماڵەوە نەگونجاوە بۆ ئەم قۆناغەی قوتابی، بێگومان لە پۆلەكانی بازنەی یەكەمدا، دەبێ بابەتی خوێندنەوە ئاسان و سادەبێت و نابێت لە چەند ڕستەیەكی كورت تێپەڕ بكات و دەبێت پەیامی بابەتەكانیش ڕوون و ئاسانبێت، بابەتەكان لەم قۆناغەدا ئەوەندە زۆربێت قوتابی ماندوو و بێزار بكات هەڵەیەكی پەروەردەیی گەورەیە، چونكە لە توانای منداڵێكی پۆلی دوودا نییە بتوانێت بە ئاسانی بینوسێتەوە و بیخوێنێتەوە كەچی لەم كتێبانەدا ئەگەر سەرنجی بابەتەكان بدەین دەبینین لە هەندێک بابەتدا بەهیچ شێوەیەك ڕەچاوی ئەو خاڵانە نەكراوە كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان. بۆ نموونە: وانەی (پەڕەسێلكە و بۆق) ٢٧ دێڕە. ئایا بابەتێكی لەم شێوەیە، لە ئاست هزری منداڵێكی حەوت ساڵانە؟ ئەم بابەتە درێژە چۆن دەخوێنرێتەوە؟ چۆن دەنووسرێتەوە؟ منداڵ لەم تەمەنەدا بێزار و ماندوو دەبێت لە

نوسینی ئەو بابەتانەی کە درێژن، بە هەمان شێوە بابەتی (مریشکە سوورە) ٢٦ دێڕ خوێندنەوەیە، بابەتی خێزانەکەم (٢١) دێڕە. لە کاتێکدا لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، بابەتی خوێندنەوە هەیە ژمارەی دێڕەکانی تەنها ٨ دێڕە، وەك بابەتی (بەسەرهاتی گوڵە گەنمێك، حەپسەخانی نەقیب) کە ئەمانە بە پێچەوانەی یەکترین. وا گونجاوترە بابەتەکانی ئەم قۆناغە کورتتربن و ژمارەی دێڕەکانی کەمتربێت واتا لە ئاستی توانا و تەمەنی قوتابی بێت و لە قۆناغی چوارەم بەرەو سەرەوە دێرەکانی زۆریشبێت  ئەوەندە کێشە بۆ قوتابی دروست ناکات، بۆیە وا گونجاوترە ئەو بابەتانەی کە درێژن بخرێنە قۆناغێکی تر یان ژمارەی دێرەکانی کەمبکرێتەوە.

**٢. بڕگەی هاوواتای وشەکان:** بڕگەیەکی دیکەی کتێبەکەیە کە بڕگەی هاوواتای وشەکانە، ئەویش لێکدانەوەی واتای وشە دەگرێتەوە، واتا کۆمەڵە وشەیەکی نێو بابەتەکە کە هاوواتایان هەیە لەم بڕگەیەدا دەیانخاتەڕوو وشەکە لەگەڵ هاوواتاکەی. ئەم بڕگەیە، بەهیچ شێوەیەك بۆ خوێندکارانی پۆلی دووەمی بنەڕەتی پەروەردەیی و لۆژیکی و زانستی نییە،  چونکە هاوواتای وشەکان کردەیەکی هزریی و واتایانەیە و پێویستی بە زمانزانی و زانینی فەرهەنگ و ئاستی گوزارشت و دەربڕینی زمان هەیە، ئەگەر وشەکان سادەبن بە چینگەی خوێندکاردا هەبن ئاساییە هاوواتایی هەبێت، کەچی دانەرانی کتێبەکە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هزر و بیری منداڵێك لەم ڕووەوە بکەن، هاتوون چەندین وشەی قورسی وەك وشەکانی (کل، کولو، خلەخل، بزڤرینەڤە، دەستەمۆ، خەرتوم، قورتم، ماف، هاوچەرخ، چاودێری، چرِدەبمەوە(چرِبونەوە) ئەمانە و چەندین وشە و چەمکی ئاڵۆزی تریان خستۆتە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی دووەم و وەك نمونەی لێکدانەوەی هاوواتای وشەکان لە نێو کتێبەکاندا دایاناون. ئایا خوێندکارێکی پۆلی نۆش دەزانێت چەمکەکانی ( ماف و هاوچەرخ و چاودێری و چڕبونەوە) مانایان چییە؟ چۆن دەبێ ئەم چەمکانە کە پێویستی بە بیر و مێشکی کەسێکی پێگەیشتوو هەیە، بۆ قوتابییەکی تەمەن حەوت ساڵ باس بکرێن و ئەویش ناوەڕۆکەکەیان لێکبداتەوە و لێیان تێبگات ؟ مەگەر ئەمە خۆی لە خۆیدا ، ئاڵۆزکردن و شێواندنی هزر و بیری منداڵێك نییە کە تەنها ساڵێکە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بڕیوە و هێشتا ناتوانێت وشە و چەمکی ئاڵۆز لێکبداتەوە.

**٣. بڕگەی گفتوگۆ:** لە بڕگەی گفتوگۆدا کە بڕگەیەکی دیکەی نێو پەرتوکەکانە، بەهەمان شێوە لەم بڕگەیەشدا ڕەچاوی توانستی هزر و بیری منداڵ نەکراوە. بۆ نموونە : پرسیار لە خوێندکاران کراوە، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل زیانی چییە؟ زیانی کارگە و پاڵاوگەکان چییە؟ لە کۆی ملیۆنان وشە و هەزاران پرسیاری سادە و جوان و پەروەردەیانەی تر، بێن پرسیار لە بارەی پاڵاوگەی نەوت بکەن؟ یاخود هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل، هەر تەنها پرسیارێکی سادە نییە، بەڵکو هزریشە و پێویستی بە لێکدانەوەی هزرییانە هەیە، تاکو کاریگەریی پاڵاوگە و ئۆتۆمبێلەکان و کاریگەرییان لەسەر ژیان و ژینگەی مرۆڤاییەتی دەربخرێن. ئەم پرسیارانە چەندین لایەنی تەندروستی، ژینگەیی، بازرگانی، مرۆیی،  پیشەسازیی و کارگێڕیان هەیە بۆیە نەك نالۆژیکییە پرسیاری لەو شێوەیە لە منداڵ بکرێت لەو تەمەن و قۆناغەدا، بەڵکو ئەوپەڕی نا پەروەردەیی و دەروونیش نییە، لە چەندین شوێنی ئەم پڕۆگرامەدا  هەڵەی زەق کراوە کە سەر لە قوتابی دەشێوێنن. لە بابەتی (من هەنار) م بە هەمان شێوە هەڵەیەکی زەق کراوە و نووسراوە (دەگوشرێم و خۆشاوم لێ دروست دەکرێت). بەمەش دانەرانی ئەم کتێبە (خۆشاو) و (سرکەیان) لە یەکتری جیا نەکردۆتەوە، چونکە خۆشاو لە ترێ یاخود میوەی وشککراو دروستدەکرێت، نەك لە هەنار وەك ئەوەی ئەوان تێی گەیشتوون، هەروەها لە بڕگەی ئایا دەزانیت، دوو زانیاریی یەکجار دوور و ناپەروەردەییان هێناوەتەوە پیشانی قوتابییانی دەدەن ئەوانیش (شەمشەمەکوێرە) و (بڵندگۆن). باشە هیچ شتێك ئەم دوانە بە یەکتری دەبەستێتەوە؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی فەرهەنگی یان زمانی یان واتایی یان پەروەردەیی و هزری لە نێوان ئەو دوو شتەدا هەیە؟ ئەگەر دانەرانی کتێبەکە مەبەستیان شتە زیندوو نا زیندووەکان بێت، ئەوا لە زانستی پۆلی دووەمدا ئەم بابەتە دەخوێنرێت، کەواتا پێویست ناکات دوو چەمکی یەکجار دوور لە یەکتری بە یەکەوە لە چوارچێوەی پرسیاری ئایا دەزانیت لە خوێندکاران بکرێت. سەیر لەمەیە، لە کۆی ملیۆنان زانیاریی هەمەجۆری ژیان، دانەرانی کتێبەکە دێن شەمشەمە کوێرە و بڵندگۆ بە یەکەوە دەبەستنەوە و لە هەمان شوێندا باسی دەکەن وەکو زانیاری بۆ قوتابییەکی قۆناغی سەرەتایی.

**٤. بڕگەی خاڵبەندی:** بڕگەیەکی دیکەی ئەم کتێبانە، خاڵبەندییە. بێگومان گرنگە خوێندکار هەر لە سەرەتاوە فێری بنەماکانی خاڵبەندی بکرێت، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك نابێت لە پۆلی دووەمی بنەڕەتییەوە دەست پێبکات. تا ئێستاش بە سەدان نوسەر هەن کتێبیان نووسیوە و چاپیانکردووە بەردەوامیش دەنوسن، هێشتا شارەزایەکی بنەڕەتییان لە ڕێساکانی خاڵبەندی نییە، ئیدی نازانین چۆن قوتابییێکی تەمەن حەوت ساڵ، نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان و جووت خاڵ و چەندانی دیکەش دەتوانێ لە یەکتری جیا بکاتەوە و بزانێت و پەیڕەویان بکات و فێریان ببێت. ڕاستە خاڵبەندی لایەنێکی گرنگی زمانە، بەڵام دوای فێربوونی زمان و نوسین و دارِشتن، دەبێ پەیڕەو بکرێت. بە پێچەوانەوە لەو پۆلانەدا، دەبێت تەنها جەخت لە وشە بە تەنها بکرێتەوە. لە کۆتاییدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین سەرەڕای ئەم هەڵانە، تەنانە لە ناونیشانی کتێبەکەش هەڵە کراوە، چونکە نووسراوە (خوێندنی کوردی) لە کاتێکدا دەبوو بنووسرێت (خوێندنەوەی کوردی)، چونکە خوێندنی کوردی، بەرامبەر الدراسة الکوردیە.

## ئەنجام

١. هەردوو پەرتووکەکانی زمانی کوردیی پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەڕووی زمانەوە گرفتیان هەیە، زمانی نوسینی پەرتووکەکان لە زۆر شوێندا کێشەی تێگەیشتنی بۆ قوتابییان دروستکردووە.

٢. زمانی هەردوو پەرتوکی خوێندنی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە زۆر شوێندا ئەو یاسا ڕێزمانیانەی کە لە زمانی کوردیدا هەیە، پەیڕەونەکراوە و لەو یاسایانە لایداوە کە لە زمانەکەدا هەیە، لە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندندا بایەخی پێ نەدراوە.

٣. پێویستە پڕۆگرامی خوێندن بە شێوازێک دابڕێژرێت هەموو بنەماکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن لەخۆ بگرێت، پێویستە قوتابی بە زمانی نوسین و خوێندنەوە ئاشنا بکەین و زانیارییەکان بەپێی قۆناغەکان دیاریبکرێن، بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی کە پێویستە لە ڕووی نوسین و خوێندنەوە و دروستنوسین و یەک شێوازی نوسین تەواو بکرێت، چونکە قۆناغی بنەڕەتی چەسپاندنی پیتەکان وشێوازی نوسینە.

٤. لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەردوو پەرتووکی پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەسەر بنەمای زمانەوانی_ زمانی، کۆی گشتی لە هەردوو پەرتووکەکەدا، کۆمەڵێک بڕگە هەیە کە لەم بڕگانە قوتابی کێشە و گرفتی بۆ دروست دەبێت، جگە لە هەبوونی هەڵەی ڕێنوسی لە نێو پڕۆگرامەکەدا، بۆیە وا گونجاوترە بڕگەکان بگۆڕدرێن، یاخود بخرێنە قۆناغ و ئاستێکیتر بۆ ئەوەی کێشە و گرفت بۆ قوتابی دروست نەکات.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp136-146

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردە و پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەندی زمانی کوردیی، دووبارە پێداچوونەوە بە زمانی نوسینی پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێت، بە تایبەت هەردوو پەرتووکی کوردی قۆناغی دووەمی بنەڕەتی لە پێناو چاککردنەوەی کەموکوڕییە زمانییەکان و کەشەپێدانی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتن و لادانی خاڵە لاوازەکان ،کە ئەم توێژینەوەیە ئاشکرای کردوون بۆ ئەوەی قوتابی بەبێ گرفت بتوانێت لێیان تێبگات.

٢. وەزارەتی پەروەردە ــ بەشی دانانی پرۆگرامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەموکوڕییەکان ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا پێداچوونەوە بۆ گرفتەکان بکەن، کتێبێکی سادە و ئاسانی یەك بەرگی بۆ خوێندکارانی پۆلی دوو دابنێن کە هەمان بابەتەکانی ئێستای پەرتوکەکە لەخۆبگرێت، بەڵام لەلایەن کەسانی پسپۆڕی زمانی کوردی ئەم کارە جێبەجێبکرێت و ڕەچاوی تەمەن وقۆناغی قوتابی بکرێت.

٣. دانەرانی پرۆگرامی خوێندن پێویستە بەرچاوڕوونییان هەبێت و شارەزای هەرچوار بنەما سەرەکییەکانی دانانی پرۆگرامبن، پێویستە پێداچوونەوە بە گشت پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێت بە شێوەیەک کە بتوانێت شانبەشان یان نزیک لە گۆڕانکارییەکان بڕوات و هەوڵبدرێت ساڵانە لەگەڵ گۆڕانکارییە زانستی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فەرهەنگییەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و نوێ بکرێنەوە.

٤. لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەردوو پەرتووکی پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەسەر بنەمای زمانەوانی ــ زمانی، کە لە چەند برگەیەک پێکدێت، هەندێک لەو برگانە نەگونجاون بۆ ئەم قۆناغ و تەمەنەی قوتابی، بۆیە وا گونجاوترە یان برگەکان بگۆڕدرێن یاخود بخرێنە قۆناغ و ئاستێکیتر بۆ ئەوەی کێشە و گرفت بۆ قوتابی دروستنەکات، ئەمە تەنها لە پرۆگرامی خوێندنی پەرتووکی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی جگە لە پرۆگرامەکانی تر کە لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن هەیە.

## سەرچاوەکان


حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٥)، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندنی کوردی وەک نمونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٢).

حەمەسعید، محەمەد عبدولفتاح (٢٠٠١)، زانستی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٦)، ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر.

خوێندنی کوردی(٢٠٢٢)، قۆناغی بنەڕەتی، پۆلی دووەم، وەرزی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم.

مەحمود، ئاڤێستا کەمال(٢٠١٤)، ئاوەزداری و دەرککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردی دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٥).

عبداللە، محاباد کامل (٢٠١٤)، پێوەرە پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتیدا (بابەتە مرۆییەکان بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ١-٢٦.

علی، بکر عومەر، کاکەسور، کاروان عومەر، مەحمود، ئاڤێستا کەماڵ(٢٠١١)، فێربوون و فێرکردن لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە، کۆنفرانس.

علی، حسێن اسماعیل، سمین، سرحد محمد (٢٠٢٢)، بنەماکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (٢٩)،٢٥-٣٤.

کمال،دیار علی(٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد (٢٠٢٢)، شیکردنەوەی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین.

عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵڵا(٢٠١٥)، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

عەزیز، ڕزگار عومەر، ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین(٢٠٢٣)، گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٤).

عزیز، کریم احمد (٢٠١٩)، پرۆگرامی پەروەردەیی (دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.

فەرەج، شاخەوان جەلال، مەحمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (٤٣).

فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠١٥)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەک نمونە)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.

الحسين،عزي(٢٠١٨)، المناهج التعليمية و دورها في بناء منظومة القيم لدى التلميذ في مرحلة المراهقة المبكرە-دراسة ميدانيه لتلاميذ الصف الرابع متوسط بمدينة بوسعادة (أطروحة دكتوراه غير منشورة).

بدوي،أحمد زكي(١٩٨٢)، معجم علم اجتماع (انجليزی-فرنسی-عربی)، ط٢، مكتبه لبنان،بيروت.

التميمي، عبدالعزيز بن صلاح (٢٠٢٠)، المناهج (اسسها و عناصرها و تنظيماتها).

عبدالسلام، مصطفى عبدالسلام (٢٠٠٦)، تطوير مناهج التعليم لتلبيه متطلبات التنمية و مواجهة تحديات العولمة، مؤتمر التعليم النوعی و دوره في التنمية البشرية في عصر العولمه.

يوسف، جمعه سيد(١٩٩٠)، سايكولوجيه اللغة والمرض العقلي.

Spolsky, Bernard and M.Hult, Francis (2008)The Handbook of educational Linguistics.